# سیاسەتەکانی فریودان

## گفتوگۆ لەگەڵ "ژان بۆدریار"



**سازدانی: "سۆزان مۆر" و "ستیڤن جۆنستۆن"**

**و. هاوار محەمەد**

ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ فەیلەسوف و کۆمەڵناسی فەڕەنسی، ژان بۆدریار (1929-2007)، لەلایەن سۆزان مۆر و ستیڤن جۆنستۆنەوە لە کانونی دوەمی ساڵی 1989، بۆ گۆڤاری "مارکسیزمی ئەمڕۆ"ی بەریتانی ئەنجامدراوە. لە ئەسڵدا بە ناونیشانی "سیاسەتەکانی فریودان"(The Politics of Seduction) بڵاوبووەتەوە. لێرەدا پشت بەو نوسخەیە بەستراوە کە لە کتێبی Baudrillard live: Selected Interviews دا هاتووە و "مایک گین" (ڕۆتلیدج 1993) بە چاپی گەیاندووە.

---

**س.م/س.ج:** دوایین کتێبت لەبارەی ئەمریکاوە بوو، وتووتە: "هەموو ئەو تێمایانەی کە لە کتێبەکانی پێشترمدا کەشفکراون، لەناکاو لە فۆرمێکی کۆنکرێتدا دەرکەوتن و لەبەردەممدا واڵا بوون". پرسیارەکان دەربارەی لەدەستچوونی واقیع (the loss of reality)، لەپێشینەیی وێنە، ناچالاکیی "جەماوەر" دیسانیش [لە کتێبە نوێیەکەتدا] دووبارە بوونەوە و دەڵێیت هیچ ئومێدێک لە کۆمەڵگەی ئەمریکیدا نییە. بەڵام، ئەی چی ئومێد بە تۆ دەدات؟

**بۆدریار:** لە ڕابردوودا وتوومە ئومێد تاڕادەیەک بەهایەکی گرنگ نییە. ئێمە لە سەردەمێکدایین کە تێیدا ئومێد ئایدیایەکی زۆر ڕوون نییە. پێموایە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان یۆتۆپیاکان زۆر چالاکن- بزووتنەوەی سەوز، بزووتنەوەی فێمێنیزم و شتی لەم بابەتە، ئەمەیش بەو بزووتنەوانە دەوترێت کە بزووتنەوەی ئومێدبەخشن و خولیای ئەوەیانە ببنە بزووتنەوەگەلی شۆڕشگێڕی. بەڵام لە حەقیقەتی کردیی زێدە-واقیعی ئەمریکیدا (the American hyper-reality)، ئەم بزووتنەوانە بەشێکن لە هەمان گەمەی زڕە-نواندنەوە (دیعایە) خۆی. ڕەنگە بەشێک نەبن لە دەسەڵاتی فەرمی، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا ڕۆڵێک لە هەڵمەتی زڕە-نواندنەوەی زەبەلاح (mega-publicity operation)دا دەگێڕن کە ئەمریکایە.

ئەوان لەمەدا بێبەری و پاکژ نین، یان لەمە بێ خەوش نین. بەم جۆرە ئەوان هەڵوێستێکی زۆر ڕووکەشیان لەبارەیانەوە هەیە. ئەوان بەردەوام دەبن لە گۆڕانکاری. بزووتنەوەکان دەردەکەون و نامێنن، نەک لەبەرئەوەی ئایدیاکان باشن یان خراپ، بەڵکو هەر بەسادەیی وەک نیشانەی زیندوویێتی (vitality) – وەک زیندوویێتی فیزیکیی واقیعی ئەمریکی دەردەکەون کە لە هەڵقوڵان و گۆڕانی بەردەوامدایە. لێرەدا، پێموانییە بتوانین ئەم جۆرە مەسەلانە بە زاراوە سیاسییەکان وەسفبکەین. باوەڕم بە بزووتنەوەی ئیکۆلۆژی(ژینگەیی) نییە، بەڵام *هەر دەیشیکەم*. پێویست نییە مرۆڤ باوەڕی بە شتێک بێت تاکو بیکات، تەنیا حەزدەکەم بڵێم من ئەمە دەکەم. لە ئەمریکا شەرت کردنە، ئیدی گرنگ نییە ئایدیاکان باش بن یان خراپ. وەک نموونەیەک بۆ گۆڕان و ئاڵوگۆڕی وزە، هێشتا ئەمریکا ئێجگار زیندووە. زۆر لە ئەورووپا زیندووترە.

**س.م/س.ج:** له کتێبی "ئەمریکا"دا وەها وەسفی کەلتوری ئەمریکی دەکەیت کە "کەلتورێکی ڕیسوایە، بەڵام ئاسانییشە" (vulgar but easy)، کەلتورێکە ڕۆشنبیرەکانی ناتوانن شیکاریی بکەن. ئایا ئەم قسەیە [بە شاراوەیی] گریمانەی نۆستالیژیایەک ناکات بۆ "کەلتوری ئەوروپی"، بەتایبەتییش کەلتوری ئەکادیمی؟

**بۆدریار:** بەڵێ، پێگەی ئەوروپی زۆر ناڕوونە. مۆدێلی ئەوروپی وەها کولتووری ئەمریکی دەبینێت کە زۆر ڕووکەشانەیە و بەشێوەیەکی ڕووکەشیش شیکاریی دەکات. بەڵام کەلتور یان باشتر بڵێین نا- کەلتوری ئەمریکی، لە خۆیدا بە تەواوی ڕەسەنە. ئەم کەلتورە تەنیا لە نوقسانیی کەلتورییدا کورتنەبۆتەوە و پێویستی بەوەیش نییە بەشێوەیەکی نەرێنیانە تەفسیر بکرێت. دەبێت وشەی "ڕووکەش" (superficial) بخرێتە نێوان دوو کەوانەوە، چونکە من شێوازێکی زۆر ئاسایی و باوم بۆ ڕوانین لە ئەمریکا هەڵبژاردووە و بە ئاراستەیەکی تردا بردوومە. ئەم نا-کەلتورە لە خۆیدا پۆزەتیڤە و نابێت لە چاوانی نۆستالیژیای ئەوروپییەوە لێیی بڕوانرێت.

**س.م/س.ج:** ئەگەر ڕۆشنبیرە ئەمریکییەکان نەتوانن لە کەلتورەکەی خۆیان تێبگەن، ئەی داخۆ تۆ هاوڕای ئەمبێرتۆ ئیکۆیت کە دەڵێت پێویستە پرۆفیسۆرە ئەمریکییەکانی زانکۆ خانەنشین بکرێن؟ ئایا دەشێت قوتابیانی خوێندنی ناوەندی تێگەیشتنێکی تەواو ڕوون و ڕاشکاوی ئەوتۆیان لە کۆمەڵگەکەیان هەبێت کە ڕۆشنبیرەکان هەرگیز ناتوانن هەیانبێت؟

**بۆدریار:** بەڵێ.. ئیمکانییەتێکی تێگەیشتن هەیە لە ڕێگەی حەدسەوە. بەڵام ڕۆشنبیری ئەمریکی بۆیە ناتوانێت لە کەلتورەکەی تێبگات چونکە لە گیتۆیەکی کەلتورییدا (an intellectual ghetto) گیریخواردووە. شێوازە بەرگریکارییەکەیشی لاساییکردنەوەی کەلتوری ئەوروپییە، ئەمە دەریدەخات کە بۆچی جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ڕۆشنبیری ئەمریکی و کولتووری ئەمریکیدا هەیە. بێگومان، گەنجان حەدسی زیندووتریان هەیە و لەم دۆخە ساختەیەدا نین.

کاتێک ویستم هەر بۆ خۆم لە زێدە-واقیعی ئەمریکی بکۆڵمەوە، هاوکارەکانم نەیانویست بەشداریی بکەن، لەبەرئەوە لەگەڵ ئیکۆدا ناڵێم پێویستە خانەنشین بکرێن، بەڵام لە ڕاستیدا گەر لەدەستم بێت دەمەوێت بیاننێرم بۆ بیابان.

**س.م/س.ج:** ئەها، بەڵێ، بیابان! تۆ دەڵێیت: "بیابانەکان فۆرمێکی باڵایان هەیە (sublime forms) دوورە لە هەر کۆمەڵگەیەگ، لە هەر سەنتیمێنتالێتییەک، لە هەر سێکسواڵێتییەک". پێشنیاری ئەوەیش دەکەیت کە "پێویستە

هەمیشە مرۆڤ شتێک ئامادە بکات تاکو لە بیاباندا بیکاتە قوربانی (sacrifice) و وەک قۆچی قوربانی (victim) پێشکەشی بکات. **ژن.** ئەگەر شتێک هەبێت لەوێ دیار نەمێنێت، شتێک کە لە جوانیدا هاوتای بیابان بێت، بۆچی ژن نییە؟" ئامانج لەم قسە هەراسانکەرە بێ پاساوە چییە؟ بە گوێرەی ئەمە، ئایا پێویستە فەیلەسوفێکی پۆستمۆدێرنە لە ناوەندی شاردا بکەینە قوربانی؟

**بۆدریار:** ڕەنگە ئایدیایەکی زۆر باش بێت کە بە ئاشکرا قوربانی بە فەیلەسوفێکی پۆستمۆدێرن بدرێت. هەڵبەت، لەو وێنەیەدا کە دەربارەی بەقوربانیکردنی ژن خستوومەتەڕوو بڕێک هەراسانکردن (provocation) "إستفزاز" هەیە، بەڵام پێموانییە بە زەرورەت زاراوەی "قوربانی" نێگەتیڤ بێت. من وەک شتێکی پۆزەتیڤ لێیی دەڕوانم. بۆ نموونە، هەندێک قوربانیدانی دوولایەنە لە فریودانڎا هەیە. شتێک پێویستە بمرێت بەڵام ئەمە وەها نابینم ناچاربێت کەسێک بسڕێتەوە- ڕەنگە پێویست بێت ئارەزوو و عەشق بمرن. قوربانیدان بە ژن لە بیاباندا کردەوەیەکی لۆژیکییە، چونکە مرۆڤ لە بیاباندا تاکە شوناسی خۆی وندەکات. لێرەدا قوربانیدان کردەیەکی باڵایە و بەشێکە لە درامای بیابان. کردنی ژنیش بە ئوبێکتی قوربانیدان ڕەنگە گەورەترین ستایش بێت کە بتوانم لێرەدا بە ژندا هەڵیبلێم.

**س.م/س.ج:** بەم دواییانە لە نیویۆرک، نمایشێک هەبوو بە ناوی **"**بەرەنگاری (دژ بە بۆدریار)**"** کە ژمارەیەک هونەرمەندی دیار بەشدارییان تێدا کرد. هەستت چۆنە کاتێک بەرهەمەکەت وەک شتێک دەبینیت کە ئەوەتا دژی دەجەنگن، بەوە تۆمەتباری دەکەن مالیخولیاییە، پڕە لە مەیلی نەکردن (full of inertia ) و هیچ ڕێگایەکیش بەرەو پێشەوە پیشان نادات [ئەڵتەرناتیڤ ناخاتە ڕوو]؟

**بۆدریار:** وەک پێشتر وتم، هەمیشە ڕەگەزێکی هەراسانکردن (ئیستفزاز) لە نووسینەکانمدا هەیە. ئەوەیش جۆرێک تەحەدا دەخاتە بەردەم ڕۆشنبیر و خوێنەر کە شێوە گەمەیەکیان دەستپێکردووە. بێگومان، ئەگەر خەڵکان هەراسان بکەیت، ئەوا دەبێت پێشبینی دژە-هەراسانکردن (counter-provocation) و هەندێ کاردانەوەی نێگەتیڤیش بکەیت. ئەو بێزراوییەی تێیدام شتێکی ئێجگار گرنگ و تینبەخشە. ئەمە ئەوە دەردەخات -ڕەنگە هەر بە شاراوەیی و نائاگایانە- نەرێنبوونەکەی خۆمم بۆ گواستوونەتەوە، ئەمەیش ئەو شتەیە کە پێشبینیم دەکرد. دەتوانم بڵێم *زێدە-کاردانەوە* (hyper-reaction) بەرامبەر کارەکەم هەبوو، کەوایە لەم ڕوانگەیەوە من سەرکەوتوو بووم.

**س.م/س.ج:** ئەی دەربارەی پێگەی ژنان لە کارەکەتدا چی؟ ئایا ئەوان پسپۆڕی فریودانن؟

**بۆدریار:** من هاوڕای ئەو ئایدیۆلۆژیا فێمێنیستییە دەمارگیرە نیم کە دەڵێت [وەسفکردنی] ژن بە فریودەر (seducer) بریتییە لە ڕۆڵێکی سووکایەتیپێکراو. بە بۆچوونی من، ستراتیژییەتی فریودان هێزێکی شادیبەخش و ڕزگارکەرانەی ژنە. ئەمە وزە لە لەبەرگرتنەوە (simulation)ـەوە وەردەگرێت. بەداخەوە، لە فێمێنیزمدا هەر شتێک بۆی ڕێبکەوێت ببێتە شتێکی ژنانە ئەوا بەرگریی لێدەکرێت —نووسینی ژنانە، شیعر، هەر جۆرە داهێنانێکی هونەری، ئەمەیش وا دەکات مەسەلەکە ئاوێنەی لەبەرگرتنەوەی پیاوانە بێت. ئەمە لەبەرگرتنەوەیەکی نەرێنییە و جێگای داخە.

پێموایه ستراتیژیەتی ژنانەی فریودان نامۆبوون (alienation)ی ژن نییە، وەک ئەوەی فێمێنیستەکان بۆی دەچن. دەبێت مرۆڤ دەست لە جەنگی نێوان دوو ڕەگەزەکە هەڵگرێت و لە نامۆبوونی سێکسیستی (sexist alienation) دووربکەوێتەوە. نابێت پیاوان و ژنان دژایەتیی یەکتری بکەن. پێموایە مرۆڤ دەتوانێت توانای مێینەیی فریودان وەک فەزیلەتێکی پۆزەتیڤ بەدەستبێنێتەوە، ئەمەیش یەکێکە لە ڕێگاکانی زاڵبوون بەسەر مەسەلەکەدا. بەڵام بێگومان ڕیسکی ئەوە دەکەم کە ڕووبەڕووی هەڵەتێگەیشتن ببمەوە.

**س.م/س.ج:** ئایا ئەم ڕوانگەیە ڕوانگەیەکی ڕۆمانسیی نییە بۆ ژن وەک بوونەوەرێکی باڵا (transcendent)؟ زۆرێک لە فێمێنیستەکان هەمیشە ڕەخنە لەو جەوهەرگەرایییە (essentialism) دەگرن کە تۆیش ڕەخنەی لێدەگریت.

**بۆدریار:** گرنگە وەک ژن ڕەخنەی ژن بکرێت. فریودان تەنیا ستراتیژییەتێکی سێکسیانە نییە و تاکلایەنەیش نییە. بەڵکو زیاتر بەندە بە دوولایەنەیی و تەواوکارییەوە. کۆمەڵێک ڕێسا بۆ گەمەکە هەیە. فریودان گەمەیەکی زۆر فیزیکی [جەستەیی] و یەکسانانەیە. هەردوو لا بەقووڵی دەچنە نێوییەوە و گرەوەکانیش گەورەن. فریودان ئایدیۆلۆژیایەکە کە لەسەر حسێبی دیموکراسییەت یاریی دەکات. ئێستا پیاوان عەوداڵی ئەوەن ئایدیۆلۆژیایەک بدۆزنەوە کە بیانناسێنێت، پێشموایە دەبێت مێینەیی (femininity) لە سنورە بەرتەسکەکانی خۆی زیاتر بڕوات، بچێتە ئەودیوی ئەو ڕێگەیەوە کە لەم ساتەی ئێستادا خۆی لێوە دەبینێت.

**س.م/س.ج:** ئەی ئەگەر وا بێت، کەواتە شتێکی وەک عەشق بوونی هەیە؟

**بۆدریار:** یاخیبوونێک هەیە، بەڵام بەڕاستی نازانم. شتێکی زۆرم نییە لەبارەی عەشقەوە بیڵێم.

**س.م/س.ج:** منداڵت هەیە؟ منداڵەکان وات لێدەکەن گەشبین بیت؟

**بۆدریار:** دووانم هەیە. ئێستا لە تەمەنی پێگەیشتن و کامڵبووندان. ڕەنگە باوکێکی خراپ بووبم چونکە هیوا کەسییەکانی خۆمم بەسەردا نەدان. پاشان، ئەوان خۆیان ڕێگای خۆیان دۆزییەوە و ئەوەیان کرد کە دەیانویست بیکەن.

**س.م/س.ج:** قومار دەکەیت؟

**بۆدریار:** بەڵێ، لە لاس ڤێگاس دەیکەم. هەندێجاریش قومارچی نیم.

**س.م/س.ج:** ئایا کاری تۆ قومارکردنە؟ ئەگەر وابێ، ئەی چی لە گرەودایە؟

**بۆدریار:** نازانم ئاخۆ دەتوانن ناوی بنێین گرەوی کەلتوری (cultural stakes). بەڵام نابێت گرەوەکان تێکەڵ بە ئەنجامەکان بکەن. کێشەکە تێکدانی کارەکە نییە، -ڕەنگە کار هیچ گرەوێکی تێدا نەبێت- کار لە دەوری خۆی دەسوورێتەوە تاوەکو هیچی لێ نامێنێتەوە. پێموایە گرەو [ی قومار] ماتەوزەیە، پۆتانشێڵی وزەیە [وزەی کار]. ئەمە بە نزیکەیی لە یاریی پۆکەر دەچێت. بە شێوەیەک لە شێوەکان، گرەو زیاتر گەمەیەکە لە سەرووی موزایەدەکردنەوە لەپێناو بینینی دەست و پێڕی ئەوانیتردا. گرەوەکە ئەوەیە ئەوانیتر دەستی خۆیان کەشف بکەن.

**س.م/س.ج:** لە "جەزبەی سۆسیالیزم" (The Ecstasy of Socialism)دا، سەرزەنشتی گەشبینی و "ساویلکەیی نا-ماقووڵانەی فیکری سۆسیالیستی" دەکەیت. داخۆ ئەم دۆخە هەر بە سادەیی نائومێدییە لە سیاسەتەکانی پاش-68؟ ئایا تۆ تەنیا ئاڵوگۆڕێکت نەکردووە: دەبەنگیی «کەلتوری بەرخۆری»ت خستۆتە جێگای هەر مامەڵەیەک لەگەڵ کایەی سیاسییدا [وەک سیاسەت] بۆ شەیداییەک؟

**بۆدریار:** کێشەیەکی دیاریکراو و جدی لەوەدا هەیە، چونکە نەوەی 68 هەموو شتێکی خستە گەمەوە. نەرێکردنێکی سەرسوڕهێنەری کەلتور هەبوو، ئەمە قوربانیدانێک بوو بە بەها سیاسییەکانیش. بێگومان، دوای قوربانی ئەوەی هەمیشە دەمێنێتەوە بەتاڵییە، *بەتاڵیی کەلتوری*. لە ئەمریکا، جێگای ئەم بەتاڵییە پڕکراوەتەوە، نەک بە کەلتور بەڵکو بە ڕووداوەکان (events)، کە ئاڵوگۆڕی لە دیمەنی سیاسی 68دا کردووە و گۆڕیویەتی بە یاریی ئاگرینی کەلتوری (cultural fireworks).

ڕادیکاڵیزمی 68 گەیشت بە ڕووداوی گەورە، وەکو داتەپینی بۆرسە و دەرکەوتنی ئایدز- ئا ئەوە ڕادیکاڵیزمی ئەمریکییە. ئەمە ڕادیکاڵیزمێکە کە ڕۆشنبیر تێیدا جێگەی نابێتەوە، ڕۆشنبیر بە واتا تەقلیدییەکەی وشەکە. ڕادیکاڵیزمی ڕۆشنبیر بوو بە مایەی ڕووداوەکان، پاشان ڕۆشنبیر تەریک و بێکاریگەر کرا. ڕۆشنبیر هیچ داهاتوویەکی نییە.

**سەرچاوەکان:**


- جان بودريار: المثقف لا مستقبل له، ترجمة: محمد دخاخني، altra صوت، 2017.

https://www.ultrasawt.com

Jean Baudrillard: The Politics of Seduction, in “Baudrillard Live- Selected Interviews”, Edit By Mike Gane, Routledge (London and New York 1993), Pp. 152-155. -